# یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان

## پرۆژەی چاودێریی دۆخی تەندروستی

## راپۆرتی نۆزدەیەم: کاری نۆرینگەکانی گەرمیان و شێوازی چاودێریکردنیان

نیسانی 2019

1/5/2019

## ناوەڕۆک


| ژمارەی پەڕە | ناونیشان |
|---|---|
| | بەشی یەکەم: ناساندن |
| 4 | پێشەکی |
| 5 | کارنامەی یەکە |
| 6 | ناساندنی لایەنی جێبەجێکاری پرۆژە |
| | بەشی دوەم: راپۆرت |
| 8 | دەستپێک |
| 8 | پزیشک بە بێ مۆڵەت نۆرینگە دەکاتەوە |
| 8 | پزیشک هەیە لە کەلار دەوامی حکومی لێرە ناکات کەچی نۆرینگەی لێرەیە |
| 9 | هەندێک لە پزیشکی نۆرینگەکان هاوبەشی کۆمپانیاکانن و دەرمانیان ساخدەکەنەوە |
| 10 | پزیشک بەشێوەیەک ناوی دەرمان دەنوسێت تەنها شوینێکی دیاریکراو بزانێت چی نوسیوە |
| 11 | بە بڕوانامەی پەیمانگاوە کاری پزیشکی ددان دەکات |
| 11 | بینینی ژمارەیەکی زۆری نەخۆش لە رۆژێکدا |
| 12 | هاوڵاتیان چی دەڵێن |
| 13 | نۆرینگەی ٢٤ کاتژمێری هەیە و پزیشکی تێدا نیە |
| 13 | جیاوازی نرخ لە کاری پزیشکەکان |

| | |
|---|---|
| 14 | بینینی چەند نەخۆشێک لەیەک کاتدا |
| 14 | رێوشوێنەکانی لایەنی پەیوەندیدار سەبارەت بەبینینی چەند نەخۆشێک لە یەک کاتدا |
| 15 | پزیشکەکان چی دەڵێن دەربارەی گلەیی نەخۆشەکانیان؟ |
| 15 | بینا و شوێنی نۆرینگەکان گونجاو نیە |
| 16 | تاوەکو ئێستا نۆرینگە هەبوە لە گەرمیان دابخرێت یاخود سزابدرێت؟ |
| 17 | نوێنەرەکانی سەندیکای پزیشکان چۆن چاودێری نۆرینگەکانیان کردوە لە کەلار |
| 17 | دەسەڵاتی سەندیکای پزیشکان |
| 18 | کاریگەرییەکانی نەبونی سەندیکا بۆپێدانی مۆڵەت و چاودێرێکردنی نۆرینگەی پزیشک |
| 18 | پزیشکێک دوساڵە ناوی لە لیستی لیژنەی قائیمقامیەتی کەلارە و خۆی ئاگادار نیە! |
| 19 | چۆن دەتوانرێت کاری نۆرینگەکان رێکبخرێتەوە؟ |
| 19 | رای بەڕێوبەرایەتی گشتی تەندروستی گەرمیان |
| 20 | بۆچونی ئیدارەی گەرمیان |
| | بەشی سێیەم: راسپاردەکان |
| 21 | راسپاردەکان |

# بەشی یەکەم: ناساندن

## 1. پێشەکی

رادیۆی دەنگ وەکو دەزگایەکی کۆمەڵگەیی لەگەرمیان، لەپاڵ ئەرکە سەرەکیەکەی دا وەکو دەزگایەکی راگەیاندنی سەربەخۆ لەگەرمیان بۆ گەیاندنی هەواڵ و زانیاریی و شرۆڤەو پێشهاتەکان، هاوکات چەند پرۆژەیەو کارێکی دیکەشی ئەنجامداوە، کەهەندێک لەو پرۆژانە لە دەرەوەی خانەی کاری رۆژنامەوانین.

دروستکردنی (یەکەی چاودێریی حکومەتی خۆجێیی گەرمیان) یەکێکە لەو پرۆژانەی کە رادیۆکە هەستاوە بە ئەنجامدانی، ئەویش لەو سۆنگەیەوە کە کاری میدیایی لەگەڵ کاری چاودێریی دەزگاکان تێهەڵکێش بکات و بیگونجێنێت، بەشێوەیەک زۆرترین خزمەت و سودی بۆ کۆمەڵگا لێبکەوێتەوە.

کاری ئەم یەکەیە، بەتایبەت چاودێرییکردنی هەردو کەرتی (پەروەردە) و (تەندروستی)یە لەگەرمیان، لەماوەی سای رابردودا یەکەکە (24) راپۆرت لەبارەی گرنگترین کێشەو ئالەنگاریەکانی بەردەم ئەم دو کەرتە بڵاوکردوەتەوەو بۆ ئەمساڵیش درێژە بە راپۆرتەکانی دەدات، بەشێوەیەک هەر کەرتەو مانگانە راپۆرتێک لە بوارێکی دیارییکراو ئامادە و بڵاو دەکاتەوە.

ئەم راپۆرتانەش جگە لە رایگشتی، ئاراستەی پارلەمان و ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و هەروەها حکومەتی هەرێم و وەزارەتەکانی پەیوەندیدار و ئیدارەی گەرمیان و هەروەها دامودەزگاکانی تری پەیوەندیدار دەکرێت.

هیوادارین لەم هەنگاوەی دەستمان پێکردوە، سەرکەوتو بین و کارەکەمان بتوانێت رۆڵێکی هەبێت لە کەمکردنەوەی قەبارەی کێشەکانی ئەو دو کەرتەو هەروەها دەرفەتێکیش بێت بۆ دەستنیشانکردنی هەڵەو کەموکورتییەکان و چاککردنەوەیان، لەپێناو سودی گشتی.

هەروەک بەتێبینی و سەرنجی هەمو لایەکیش خۆشحاڵ و گەورە دەبین، بەوپێیەی تاک و کۆتا ئامانجمان لەم پرۆژەیەی دەستمان داوەتێ، دروستکردنی گۆڕانکارییە بەئاراستەیەکی ئیجابی لەدەڤەری گەرمیان.

# 2. کارنامەی یەکە

**یەکەم: ناساندن**

یەکەیەکی تایبەتی رادیۆی دەنگە بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی ئەمریکی (NED) ساڵی 2017 دامەزراوە، کاری چاودێرییکردنی حکومەتی خۆجێیی گەرمیان ئەنجام دەدات بەمەبەستی پەرەدان بەکارەکانیان و هەروەها برەودان بە پرۆسەی چاودێرییکردن و شەفافیەت و پتەوکردنی پەیوەندیی نێوان هاوڵاتی و دەسەڵات و دروستکردنی لێکتێگەیشتنێکی باشتر بۆ پەرەدانی زیاتر بە خزمەتگوزاریەکان.

دوەم: ئامانجی یەکە

1. برەودان بە پرۆسەی چاودێرییکردن وەکو بنەمایەکی گرنگ لە پیادەکردنی حکومەتی پێشکەوتو و دیموکراسی.

2. دروستکردنی کۆدەنگی لەگەڵ دەزگا حکومیەکان بەمەبەستی دروستکردنی فشار بۆ ئەنجامدانی پرۆژەی خزمەتگوزاریی بۆ دەڤەرەکە.

3. بەدواداچونکردن بۆ کێشەو گرفتەکان و دەستنیشانکردنیان و ئاراستەکردنی بۆ لایەنە فەرمیەکان، بەمەبەستی چارەسەرکردنیان.

4. دروستکردنی رایەڵەو پتەوکردنی لەنێوان هاوڵاتیان و حکومەت دا، هەروەها هێنانە ئارای لێکتێگەیشتنێکی باشتر لەنێوان هەردولا لەروی دابینکردنی خزمەتگوزاریەکانەوە.

سێیەم: کارەکانی یەکە

1. ئەنجامدانی راپۆرتی مانگانە لەسەر چالاکی و خزمەتگوزاریەکان و هەروەها دەستنیشانکردنی کەموکورتیەکان و رەوانەکردنی ئەو راپۆرتانە بۆ حکومەتی ناوەندی و پارلەمان و ئەنجومەنی پارێزگاو ئەنجومەنی خۆجێیەتی.

2. ئەنجامدانی هەڵمەتی فشار بۆ باشترکردنی خزمەتگوزارییەکان لە سنورەکەدا.

3. ئەنجامدانی هەڵمەتی هۆشیاریی بەهاوکاری دەزگا فەرمییەکان.

4. ئەنجامدانی کۆبونەوەو کۆنفرانس و دانیشتن لەنێوان چین و توێژە جیاوازەکان و حکومەتی خۆجێیەتی، بە ئامانجی برەودان بە جۆری خزمەتگوزاریی و فەرمانڕەوایەتی.

5. ئەنجامدانی بەرنامەی تایبەت لە کەناڵەکانی راگەیاندن بۆ باشترکردنی پەیوەندی و لێکتێگەیشتنی نێوان خەڵک و حکومەت.

چوارەم: بنەما پیشەیی و ئەخلاقیەکانی کارکردنی یەکە

1.لایەنگیریی نەکردن لە کارکردن لەسەر کێشەو کەموکورتیەکان.

2.پابەند بون بەپیشەیی بونەوە لەخستنەروی بابەتییانەی کێشەکان.

3.وەرنەگرتنی هیچ کۆمەک و هاوکاریەکی دارایی لە حکومەت و حزب.

## 3. ناساندنی لایەنی جێبەجێکاری پرۆژە و ناوچەی گەرمیان

### 1. رادیۆی دەنگ

رادیۆی دەنگ، یەکەمین رادیۆی کۆمەڵگەیی ئەهلیە لە گەرمیان.

لە ساڵی 2010ەوە دامەزراوەو لە بەرواری 6ی شوباتی ئەو ساڵەوە، دەستی کردوە بەپەخشی خۆی لە سنوری قەزای کەلار و دەوروبەری.

ئەم رادیۆیە، لەلایەن هەردو رۆژنامەنوس (جەزا محەمەد) و (ئازاد عوسمان)ەوە بەهاوکاری ژمارەیەک گەنجی رۆژنامەنوس و چالاکوانی خۆبەخش دامەزراوە، ئامانجیشی بریتیی بوە لە پەرەپێدانی دیموکراسیی و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی هاوڵاتیانی سنوری گەرمیان لەرێگەی ئەو بەرنامەو هەواڵ و بابەتانەی کە بەدواداچونیان بۆ دەکات.

رادیۆکە، بە نوسراوی ژمارە (265) لە بەرواری (2010/2/2) و بەرێگەپێدانی وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن بۆ شەپۆلی رادیۆکە بە نوسراوی ژمارە (368) لە بەرواری (2010/2/2) مۆڵەتی کارکردنی وەرگرتوە.

لەئێستادا رۆژانە 24 کاتژمێر لە سنوری گەرمیان، لەسەر شەپۆلی FM 99.9 پەخشی بەرنامەکانی دەکات، هاوکات سایتێکی ئینتەرنێتیشی هەیە هەواڵ و بەرنامەو پەخشی بەرنامەکاتی تێدا دەکات بەناونیشانی (radiodang.org).

رادیۆکە، رادیۆیەکی کۆمەڵگەییە، واتا بۆ کۆمەڵگەو ناوچەی گەرمیان بەتایبەتی پەخش دەکات، لەبوارە جیاوازەکانی وەکو: سیاسیی، کۆمەڵایەتیی، ئابوری، رۆژشنبیریی، کەرتی خزمەتگوزاریی و حکومیی و وەرزشیی و ... هتد، بەدواداچون دەکات. هاوکات بەدواداچونیش بۆ پرسە نیشتمانیی و کێشە سەرانسەریەکان دەکات و رەهەندە نیشتمانیی و مرۆڤانەییەکانی بەهەند وەرگرتوە.

جگە لە کاری میدیایی، رادیۆی دەنگ چەندین پرۆژەی دیکەی لەماوەی شەش ساڵی تەمەنی دا ئەنجامداوە، لەوانە: (کردنەوەی خولی پێگەیاندنی رۆژنامەنوس، خولی پەرەپێدان بەتوانانی رۆژنامەنوسان، ئەنجامدانی کۆڕ و سیمینار، سپۆنسەر کردنی هەندێک چالاکی هونەریی).

### 2. سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی NED

سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی (NED) دامەزراوەیەکی ئەمەریکی قازانج نەویستی تایبەتە بە گەشەپێدان و پاڵپشتیکردنی دامەزراوە دیموکراتییەکان لەهەمو جیهاندا، کەلەلایەن کۆنگریسی ئەمەریکییەوە ساڵانە بودجەی تایبەتی بۆدیاریدەکرێت، ئەویش ساڵانە پاڵپشتی زیاتر لە (1200) هەزارو دو سەد پرۆژەی گروپە ناحکومییەکان لە (90) نەوەد وڵاتدا دەکات.

(NED) هەر لەدامەزراندنییەوە لەساڵی (1983) دا، پێشەنگە لەتێکۆشانی دیموکراتیدا لە شوێنەجیاوازەکانداو گەشەیکردوە بۆ دامەزراوەیەکیفرە رەهەندو ئاراستەو بوەتە چەق بۆ چالاکیو ئاڵوگۆڕی هزری بۆ چالاکوانو توێژەرانی بواری دیموکراتی لەجیهاندا.

(NED) باوەڕی بەوەیە کە ئازادی خولیایەکی جیهانی مرۆڤایەتییە، ناکرێت لەرێگەی گەشەپێدانی دامەزراوە دیموکراتییەکانەوە بهێنرێتەدی، بەها دیموکراتییەکان لەرێگەی تاکە هەڵبژاردنێکەوە بەدیناهێنرێن، هەروەها پێویست ناکات کە دوبارەکردنەوەی نمونەی وڵاتە یەکگرتوەکان یان هەر وڵاتێکی دیکە بێت، بەڵکو بەگوێرەی پێویستییەکان و دابونەریتە کەلتورە سیاسییە جیاوازەکان گەشەدەکات.

## 4. ناساندنی ناوچەی گەرمیان:

گەرمیان بەناوچەیەکی دیارییکراوی سەر پارێزگای کەرکوک بەپێکهاتە کۆنەکەی هەژمار دەکرێت کەدواتر بەهۆکاری تەعریب، خرایە سەر پارێزگای سلێمانی.

ئەم ناوچەیە، لەکۆمەڵێک قەزا پێکدێت، بەڵام لەروی ئیدارییەوە، ئیدارەی گەرمیان لەئێستادا کورت بوەتەوە بۆ قەزاکانی: (کەلار و کفری و بەشێک لە قەزای خانەقین.)

لەدوای راپەڕینی ساڵی 1991، لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بەشێوەیەکی کاتی  پارێزگای کەرکوک کە قەزاکانی (کەلار، کفری، چەمچەماڵ، دەربەندیخان و بەشێک لە ناحییەکانی قەزای خانەقین) دەگرتەوە، پێکهێنرا. لەگەڵ پێکهێنانی پارێزگاکەشدا بەهۆی نەبونی بینا بۆ فەرمانگە و بەرێوەبەرایەتییەکان لە قەزای کەلار، قەزای دەربەندیخان دیاریکرا بۆ ناوەندی پارێزگای کەرکوک.

بەپێی پێگەی فەرمیی ئیدارەی گەرمیان لە ئەنتەرنێت، دوای روخانی رژێمی پێشوی عێراق لەساڵی 2003دا، جارێکی تر گەرمیان کە قەزای کەلار ناوەندەکەیەتی توشی بۆشاییەکی ئیداری هات، ئەوەش بەهۆی هەڵوەشاندنەوەی پارێزگای کەرکوک لە دەربەندیخان، بۆچارەسەرکردنی ئەو بۆشاییە ئیدارییەش، ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بە بڕیارێک لە رۆژی 2006/8/6 "ئیدارەی گەرمیان"ی پێکهێنا کە مەرکەزەکەی لە قەزای کەلار دانراوە، هەروەها لەپێناو کاراکردنی ئیدارەکە و فراوانکردنی دەسەڵاتە کارگێڕییەکانی، حکومەتی هەرێم لە ساڵی 2008 بڕیاریدا ئیدارەی گەرمیان هاوشێوەی پارێزگاکانی تری هەرێم مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت و لەو روەشەوە دەسەڵاتی پارێزگار بە خشراوەتە سەرپەرشتیاری ئیدارەکە.

## بەشی دوەم: راپۆرت

***دەستپێک**

نۆرینگەی پزیشکی وەک کەرتی تایبەتی تەندروستی لە گەرمیان بە بەردەوامی دەکەوێتە بەر رەخنەی زۆر، پێدانی مۆڵەت و چاودێریکردنیشیان راستەوخۆ بە پێی رێنمایەکانی تەندروستی لەلای سەندیکای پزیشکانە، بەڵام لە هەردو قەزاکەی گەرمیان سەندیکای پزیشکان بونی نیە، هیچ سەندیکایەکی پزیشکانی ددانیش نیە لە گەرمیان، کەواتە نۆرینگە لێرە چۆن مۆڵەتی پێدەدرێت؟ کێ چاودێری کارەکانیان دەکات؟ ئەوەی کەدەوترێت نۆرینگەکان کەس چاودێریان نیە و سزانادرێن تاچەند راستە؟ ئەگەر نۆرینگەکان چاودێری ناکرێن لە گەرمیان چ کاریگەریەکی خراپی جێهێشتوە؟ قائیمقامیەتەکان وەک لایەنی ئیداری لەم پرسە رۆڵیان چی بوە؟ ئیدارەی گەرمیان وتەندروستی گەرمیان چ کاردانەوەیەکیان هەیە لەسەر ئەم پرسەی پەیوەست بە ژیانی دانیشتوانی ناوچەکە؟ ئایا ئەمان دەسەڵاتیان نیە بەسەر پزیشکەوە؟ لە بەرامبەر ئەمەدا پزیشکان کاردانەوەیان چیە؟

هەروەها بەدوادچونی ورد کراوە بۆ ئەوەی بزانین تاوەکو چەند گرنگی دەدرێت بە نەخۆش و گوێگی لێدەگیرێت، ئایا بەرێکردنی ژمارەیەکی زۆری نەخۆش و بینینی زیاد لە یەک نەخۆش لە یەک کاتدا لە نۆرینگەکانی گەرمیان بۆچی دەگەرێتەوە.

### 1. پزیشک بە بێ مۆڵەت نۆرینگە دەکاتەوە

بۆ کردنەوی نۆرینگەی پزیشکی بە پێی یاسا دەبێت مۆڵەتی فەرمی لە سەندیکای پزیشکان وەربگیرێت، بەڵام لە گەرمیان پزیشک هەیەو هەبوە بە بێ مۆڵەت نۆرینگەی کردۆتەوە.

لێپرسراوی پێشوی سەندیکای پزیشکانی کەلار، ئەمە پشت راست دەکاتەوە کە لە پێشوتریشدا هەبوە، پزیشک لە سلێمانی و هەولێرو بەغدادەوە هاتوە بێ مۆڵەتی لقی سەندیکای پزیشکانی کەلار لێرە نۆرینگەی کردۆتەوە.

د.عومەر حەبیب، باسیلەوەشکرد: "هەندێک لە پزیشکەکان دوای چەندین مانگ لە کردنەوەی نۆرینگەکانیان دەهاتن و پێیان دەوتم ئیمزایەک و مۆرێکمان بۆ بکە".

### 2. پزیشک هەیە لە کەلار دەوامی حکومی لێرە ناکات کەچی نۆرینگەی لێرەیە

کە بێتە سەرباسی دەوامکردنی پزیشک لە کەلار و کفری، پزیشک ماندەگرێت و بایکۆتی دەوامدەکات، دەڵێت نایەمە ئێرە دەوام بکەم، بەڵام نۆرینگەکانیان لە کەلار دەکەنەوە.

به پێی یاسایی سەندیکاش دەبێت پزیشک بەتەنها لەو شوێنەی دەوام دەکات نۆرینگەی هەبێت

قائیمقامیش دەڵێت لە پێناو خزمەتکرنی دانیشتوانی ناوچەکە ئەو یاسایانەمان بە هەند وەرنەگرتوە.

شەهاب ئەحمەد، وتیشی: "لەبەر ئەوەی ژمارەیەکی کەم پزیشکی پسپۆڕ هەیە لە کەلار ئێمە ئەبێت سوپاسی ئەو پزیشکانە بکەین کە دێن لێرە نۆرینگە دەکەنەوە، لەبری ئەوەی نەخۆش خۆی بچێتە شارێکی تر لەم روەوە پزیشکەکان کار ئاسانیان کردوە بۆیان".

یەکێک لە یاساکانی سەندیکای پزیشکان ئەوەیە کە نابێت پزیشک لەشارێک نۆرینگەی هەبێت و شارێکی دیکە مۆڵەتی پێبدات بۆ کردنەوەی نۆرینگە، بەلام ئەمە لە کەلار جێبەجێ نەکراوە.

بە پێی زانیارییەکان چەندین پزیشک دەوامی حکومیان لە نەخۆشخانەکانی ئێرە نیە، بەڵام لێرە نۆرینگەیان هەیە، لێپرسراوی پێشوی سەندیکای پزیشکانیش ئەمە بە نایاسایی دەزانێت.

د.عومەر حەبیب، وتی: "پزیشک تەنها مۆڵەتی سێ مانگی هەیە نۆرینگەی لە دوشوێن هەبێت ئەوەش بۆئەوەی تاوەکو گواستنەوەی کەلوپەل و مۆڵەتی کارکردنی تەواو دەبێت".

## 3. هەندێک لە پزیشکی نۆرینگەکان هاوبەشی کۆمپانیاکانن و دەرمانیان ساخدەکەنەوە

دوای ئەوەی ئەنجومونی وەزیران بە نوسراوی فەرمی داوای کردوە کە نابێت پزیشک پەیوەندی هەبێت لەگەڵ کۆمپانیاکانی دەرمان و بۆ ئەم مەبەستەش قائیمقام وداواکاری گشتی ئاگادار کراوەتەوە بۆئەوەی فەرمانەکە جێبەجێبکرێت، بەڵام تاوەکو ئێستا ئەم حاڵەتانە ماوەتەوە.

لەم بارەیەوە قائیمقامی کفری باسلەوەدەکات ماوەی نزیکەی سێ مانگە ئەم رێنماییە نوێیەیان بۆ هاتوە دەربارەی ئەویاسایەی کە نابێت پزیشک پەیوەندی هەبێت لەگەڵ کۆمپانیاکانی دەرمان.

جەلال نوری، وتیشی: ئەو رێنمایەمان داو بە هەمو دەرمانخانە و نۆرینگەکان لە کفری و دواتریش بە دواداچون دەکەین و سەرپێچیکاران سزا دەدەین.

قائیمقامی کەلار، دەڵێت : "ئێمە خۆمان درکمان بەم کێشەیە کردوە کۆبونەوەیەکیشمان بۆ هەمان کێشە لە ئیدارەی گەرمیان ئەنجامدا بۆ ئەم بابەتە".

شەهاب ئەحمەد، وتیشی: "ئەم کێشەیە دەبێت لەسەر ئاستی باڵا لە ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتەکان چارەسەربکرێت، کۆمەڵێک رێنمایشیان بۆ ئەوە دەرکردوە".

لەسەر ئەوەی کە پزیشکەکان دەبنە هاوبەشی دەرمانخانەو تاقیگەکان د. فەرهاد کەریم، پسپۆڕی نەخۆشیەکانی میز و میزەڕۆ ئەمە بەراست دەزانێت.

جەختی کردەوە: "بەڵێ ئەوە هەیە دوریش نەڕۆم بە خۆمیان وتوە ئەگەر ئەوەنە نەخۆشمان بۆ بنێریت پشکت بڕێک پارە دەبێت، بەڵام من قبوڵم نەکردوە".

دەربارەی ئەوەی کە پزیشکەکان هەوڵی ساخکردنەوەی دەرمانی کۆمپانیایەکی دیاریکراو دەدەن لەنۆرینگەکانیان د. ئارام عەبدوڵڵا، دەڵیت: "ئەمە راستە بۆ هەندێک دکتۆر، بەڵام هەموی نا".

تەئکیدی لەوەشکردەوە بەدەر لە هەندێک پزیشک کە ئەو کارەدەکات، زیاتر ئەم کارە لە دەرمانخانەکان دەکرێت بە هاوبەشی لەگەڵ مەندوبەکان.

## 4. پزیشک بەشێوەیەک ناوی دەرمان دەنوسێت تەنها شوینێکی دیاریکراو بزانێت چی نوسیوە

لە رێنماییە تازەکەی وەزارەت ئەوە هاتوە بۆ رێگریکردن لە پەیوەندی نێوان پزیشک و کۆمپانیا دەبێت پزیشک بە کۆمپیتەری ناوی دەرمان بنوسێت، لەبری رەچەتەی دەرمانیش ناوی زانستی دەرمان بنوسێت.

پزیشکێکی پسپۆڕی نەخۆشیەکانی منالان بەم شێوەیە باسی ئەوەی بۆکردین کە هەندێک پزیشک دەیەوێت نەخۆش بەتەنها دەرمان لەو شوێنە بکرێت کە ئەم دەیەوێت.

د.نورهان نازم، وتی: "ئەو جۆرە پزیشکانە بە شێوەیەک ناوی دەرمانەکە دەنوسن کە بەتەنها شوێنێکی دیاریکراو بزانێت چی نوسیوە بۆ ئەوەی نەخۆش بەناچاری تەنها لەوی چارەسەرەکەی بکرێت".

سەبارەت بەوەی کە بریاردراوە  ناوی زانستی دەرمان بنوسرێت بە کۆمپیتەری لەبری رەچەتەکەی و ناوی کۆمپانیایی دەرمان قایمقامی کەلار دەڵێت تاوەکو ئێستا ئەو رێنماییە نەگەشتوە بە ئێمە.

د.هاوسەر محەمەد، پسپۆڕی قورگ و لوت، لەمیانەی سەردانەکەماندا بۆ نۆرینگەکەی بەهەمانشێوە ئەوەی خستە رو تاوەکو ئێستا هیچ رێنمایەکمان بۆ نەهاتوە سەبارەت بە نوسینی ناوی زانستی دەرمان.

مامۆستایەکی بەشی پزیشکی زانکۆی گەرمیان، ئەمە بە باش نازانێت و پێی وایە ئەمە زیاتر کاریگەری ئەبێت لە سەر فێڵکردن لە نەخۆش.

د. ئارام عەبدوڵڵا، دەڵێت: "ئەگەر ناوی زانستی دەرمان بنوسرێت ئەمە وادەکات دەرمانخانەکان کام دەرمان کوالێتی نزمە بە نەخۆشی بفرۆشن بە نرخی دەرمانی باش بێ ئەوەی نەخۆش بزانێت ئەو دەرمانە هیچ کاریگەریەکی نابێت لەسەری بۆ چاک بونەوە".

## 5. بە بڕوانامەی پەیمانگاوە کاری پزیشکی ددان دەکات

یەکەی چاودێری لە میانەی سەردانکردنی نۆرینگەکان لەگەڵ لیژنەی قائیمقامیەتی کەلار، سەردانی یەکێک لەو نۆرینگانەی کرد پزیشکی پەیمانگا کاری پزیشکی ددانی دەکرد. هەندێک لەم پزیشکانە دەڵین ئیمە ئەزمونمان هەیە بۆییە ئاساییە ئەم کارەبکەین.

سۆیبە عەبدولکەریم، کە هەڵگری بڕوانامەی پەیمانگای پزیشکی دانسازییە لە نۆرینگەکەی باسی لەوەکرد: "ئێمە لەنەخۆشخانە و مەڵبەندە حکومیەکان هەمان کارمان کردوە، ئیتر بۆ لێرە نەیکەین، دواتر ئێمە ئەزمونمان هەیە لە کارەکە".

ئەو پرسیارەمان ڕوبەڕوی لیژنەی قائیمقامیەت کردەوە بۆچی ڕێگە دەدەن بەم کارە لە کاتێکدا نایاساییە، لیژنەی قائیمقامیەت، دەڵێن: "ئەم پزیشکانە لەلایەن سەندیکای خۆیانەوە مۆڵەتیان پێدراوە بۆیە ئێمەش تەنها سەیری مۆڵەتەکە دەکەین".

ئەوی جێگەی پرسیارە سەندیکای پزیشکانی ددان مۆڵەتی کارکردنی داوە بە "پزیشکانی پەیمانگا" تەنها بە چەند کارێکی دیاریکراو، بەڵام کاری دیکەش دەکەن.

شەهاب ئەحمەد، وتی دوای کۆبونەوەیان لەسەر ئەم بابەتە لێپێچینەوەی یاسایی لەگەڵ ئەو نۆرینگانە دەکەن، ئەگەر پێویستیش بکات دادەخرێن.

## 6. بینینی ژمارەیەکی زۆری نەخۆش لە ڕۆژێکدا

لە بەشێکی زۆری نۆرینگەکەکان سەروی 50 نەخۆش لەلایەن پزیشکەوە دەبینرێت، ئەمەش ژمارەیەکی زۆرەو وا دەکات پزیشک هەقی تەواو بە نەخۆش نەدات.

سەرەتا لە پزیشکێکی ژنانمان پرسی چۆن دەتوانێت لە ڕۆژێکدا لە ماوەی چەند کاتژمێرێکدا ئەو ژمارە نەخۆشە ببینێت.

د.نەوال عەسکەر، لە وەڵامدا وتی: "ڕاستە ژمارەی سەردانیکەرم زیاترە، بەڵام نەخۆشەو منی هەڵبژاردوە ئیتر چۆن جوابی بکەم".

لەبارەی ئەوەی توانای دەمێنیت حەقی تەواوبدات بە نەخۆشەکان، وتی: "زۆرجار هەبوە هیلاکبوم توانای بینینیانم نەماوە، بەڵام نەخۆشەکە پاڕاوەتەوە ببینم بۆیە دڵم نەهاتوە بڕۆم".

لە تۆماری چەندین پزیشکی دیکە بەهەمانشێوە ژمارەیەکی زۆر نەخۆش دەبینرێت، لەگەڵ ئەمەشدا هەندێک لە پزیشکەکان لە ڕۆژێکدا هەوڵیان داوە ژمارەیەکی دیاریکراو لە نەخۆش ببینن.

بۆ ئەوەی بزانین لە روی بنەمای پزیشکەوە دەتوانێت پزیشک چەند نەخۆش بینێت لەماوەی کاری لە نۆرینگەکەیدا د. گۆران عەبدوڵڵا، تیشکی خستە سەر ئەو بنەماییە و وتی: "هیچ پزیشکێک نیە بتوانێ لە رۆژێکدا ئەو ژمارە زۆرەی نەخۆش ببینێت و حەقی هەر یەکێکیان بە تەواوەتی بدا".

هێمای بۆ ئەوەشکرد کە نەخۆش لە کەرتی تایبەت وەک سەرچاوەیەک تەماشادەکرێت بۆ بەدەست هێنانی پارە: "ئەم دیاردە ناشرینانە نیشانەی نەخۆشیەکی گەورەترن، کە بەبازرگانیکردنی خزمەتی تەندروستیە لە کوردستاندا، نەخۆش و هاولاتی لە کوردستان لە کەرتی تایبەتدا وەکو سەرچاوەیەک تەماشا دەکرێت بۆ بەدەستهێنانی پارە، زۆرجار وەکو مرۆڤ تەماشا ناکرێ بەڵکو وەکو بوونەوەرێک بۆ دۆشینی پارە تەماشا دەکرێت".

## 7. هاوڵاتیان چی دەڵێن

"لێرە دەبێت هەمیشە دوعا بکەین نەکەوینە بەردەستی دکتۆرێکی بازرگانی بێویژدان کە ئاگایی لە گیرفانی نەخۆش و باری دەرونی نەبێت و تەنها بیری لای ئەوەبێت چ دەرمانێکی زۆرتر سەرفبێت یان چەند زیاتر پشکنین بۆ ئەم نەخۆشە بنوسێت و ئەمرۆ چەند نەخۆش بەڕێ بکات". هاوڵاتی سەرمەند عەلی، وای وت.

لە بنەمای پزیشکیدا پێویستە پزیشک گوێ لە نەخۆش بگرێت و ئەوەندەی بۆی بکرێت لەسەر نەخۆشیەکەی و چارەسەرە و تاقیکردنەوەی پێویست رونکردنەوە بە نەخۆش و کەس و کاری نەخۆشەکە بدات، هەمو نیشانەکانی نەخۆشیەکە بە هەند وەربگرێت و گرنگی پێبدات هەروەها تایبەتمەندی نەخۆش بپارێزیت.

ماریا نەژاد، ئەمەی بەسەر هاتوە و بۆی گێڕاینەوە کە سەردانی پزیشکی وڵاتی ئێرانی کردوە پێی وتراوە پێمان سەیرە پزیشک چۆن ئەم نەشتەرگەریەی بۆتۆ کردوە.

پاک وخاوێنی شوێن و ئامێرەکانی ناو نۆرینگە یەکێکە لە مەرجەکانی نۆرینگەکان، بۆ شوێنی چاوەڕوانی نەخۆش هەندێک نەخۆشەکان باسلەوەدەکەن لە شارەکانی دیکە نۆرینگەی واهەیە شوێنی چاوەڕانیەکەی ئەوندە گونجاوە وات لێدەکات لەچاوەڕانی بێزار نەبیت، ئامێری فێنکەرەو و گەرمکەری باشی لێیە ، کتێب و گۆڤار دانراوە و کورسیەکانی بێزارت ناکات، بەڵام لێرە بەشێکی زۆری نۆرینگەکان کورسیەک باکاردێنن کە زۆر نەگونجاوە بۆ چاوەڕاوانی.

ئامینە کەریم، نەخۆشێکی چاو بو، بەڵام کێشەی فەقەراتی هەبو، لەسەرشوێنی چاوەڕوانی نۆرینگەکە بەم شێوەیە بۆی باسکردین: "شوێنی چاوەڕوانی نەخۆش لێرە زۆر خراپە، هەندێک نۆرینگە باشن، بەس لێرە کورسی رەقی پلاستیک دانراوە ئاخر من هەر ناتوانم دانیشم لەسەری".

حەبین عەلی، تەمەنی سەرو ٧٠ ساڵبو، دەڵێت: "ئێرە بەکەڵکی نەخۆش نایەت ئێمە کەسمان نیە ئەگینا چۆن ئەبێت نەخۆش خۆی گیان بدات بیهێنن بۆ ئەم شوێنە و چاوەڕێبکات، هەر خەریکە ئەخنکێم شوێنێکی تەسک و دڵ تەنگە".

## 8. نۆرینگەی ٢٤ کاتژمێری هەیە و پزیشکی تێدا نیە

لەگەرمیان چەند نۆرینگە و کۆمەڵگایەکی 24 کاتژمێری هەیە، بەڵام دەوترێت تەنها بەناو ٢٤ کاتژمێرین لە کاتژمێرەکانی درەنگی شەواندا پزیشکی تێدانیە، یاخود سەر لە بەیانیان تەنها دەرمانخانەکانیان کراوەتەوە.

بەڕێوبەری کۆمەڵگەی بەخشین لە کەلار، رونیکردەوە لە کاتژمێر نۆی بەیانیەوە پزیشکێکی خانەنیشینیان هەیە نەخۆش دەبینێت و پزیشکەکانی دیکەشیان لە کاتەکانی پاش نیوەڕۆ تاوەکوکاتژمێر ١٢ شەو دادەنیشن.

بۆ ئەوەشی کە بەتەنها دەرمانخانەکانیان کراوەتەوە هەتا کاتژمێرە درەنگەکانی شەوان و بەیانیان ئەمەش کێشەیە بۆ دەرمانخانەکانی دیکە کە ئێشکگرن، چونکە ئەمە دەریدەخات ئەم کۆمەڵگەیە بەس دەرمانخانەکەی ٢٤ کاتژمێرییە، عومەر نەجم، بەڕێوبەری کۆمەڵگەکە وتی: "ئەوە دەزانین، بەڵام ئێمە مۆڵەتمان هەیە".

## 9. پزیشک بەدەر لە پسپۆڕی خۆی نەخۆشی دیکەش دەبینێت

بەشێکی پزیشکان بەدەر لە پسپۆری خۆیان نەخۆشی دیکەش دەبینن، ئەمەش بە وتەی پزیشکان خۆیان.

د.ئورهان نازم، پسپۆڕی نەخۆشیەکانی منالان، ئەوەدەخاتەڕو: "بەڵێ لێرە پزیشک هەیە نەخۆش دەبینێت و پسپۆڕی ئەویش نیە".

د.عومەر حەبیب، شێوازێکی دیکەی ئەم حاڵەتانە باس دەکات کە ئەویش دانانی پزیشکی دیکەیە لە شوێنی خۆیان: "پزیشک هەیە لێرە کە خۆی بروات بۆ گەشت یان کارێکی هەبێت پزیشکی گشتی لەشوێنی خۆی دادەنێت و وەک پزیشکی پسپۆڕی ئەو بوارەی پزیشکەکەی دیکە چارەسەری نەخۆش دەکات".

بە پێێ رێنمایەکانی سەندیکاش پزیشک بە هیچ جۆرێک نابێت نەخۆشێک پسپۆڕی نەبێت چارەسەری نەخۆش بکات.

بەڕێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیانیش جەختی لەوەکردوە پزیشکێک بەم هۆکارە لە قەزای کفری نۆرینگەکەی داخراوە.

## 10. جیاوازی نرخ لە کاری پزیشکەکان

جیاوازی نرخ لە کاری پزیشکەکان بابەتێکی دیکەی گرفتەکانی رێکنەخستنەوەی کاری نۆرینگەکانە.

بە پێی بەدواداچونەکانی یەکەی چاودێری تەنها بۆ کاری ددان شۆشتن و ددان پڕکردنەوە و دروستکردنی ددان و کارەکانی دیکەی پزیشکی ددان چەندین نرخی جیاواز بەدی دەکرێت.

جیاوازی ئەو نرخانەش لە کاتێکدایە باس لە جیاوازی ئەو مادانە دەکرێت کە بەکاردەهێنرێت، بەڵام ددان هەڵکێشان جیاوازی مەوادی نیە کەچی نرخەکەشی لە پزیشکێکەوە بۆ یەکێکی دیکە دەگۆڕێت.

## 11. بینینی چەند نەخۆشێک لەیەک کاتدا

نۆرینگەی پزیشکی ژنان بەبەردەوامی دەکەوێتە بەر رەخنە، چونکە پزیشک لەیەک کاتدا زیاد لە نەخۆشێک دەبینێت، هەر بۆیە ژنان باسلەوەدەکەن ئەوەی کە نهێنی نێوانی پزیشک و نەخۆشە لای نەخۆشی دیکەش ئاشکرا بوە، هەندێک جار زیاد لە چوار نەخۆش لە ژوری پزیشکەکەیە.

لە کاتی سەردانی نۆرینگەکان لە یەکێک لە نۆرینگەکانی ژنان پرسیاری ئەوەمان لێکردن کەئایا پزیشک بەتەنها نەخۆش دەبینێت، هەمویان سەر سوڕمانی خۆیان نیشاندا بەوەی ئەوان هەر چوار بۆ پێنج کەس پێکەوەن دەچنە ژورەوە، یەکێک لەو ژنانەی قسەی بۆکردین نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، وتی: "چەندین جار چومەتە لای پزیشکی ژنان بەهۆی ئەوەی چەند نەخۆشی دیکە لە ژورەوە بوە روم نەهاتوە کێشەکەم بە تەواوی بە دکتۆرەکە بڵێم".

ئەو نەشی شاردەوە بەدکتۆرەکەی وتوە با بەتەنها بم، بەڵام پزیشکەکە پێی خۆش نەبوە.

لەسەر ئەم کێشەیە د. نەوال عەسکەر پێی وتین: "راستە من چوار نەخۆش دەکەمە ژورەوە، بەڵام کاتی تەواو دەدەم بە هەمویان نەخۆشی وام هەیە ٤٥ دەقە قسەم لە گەڵکردوە".

وتیشی: "ئەگەریش کەسێک شتێکی هەبێت و روی نەهاتبێت لای نەخۆشەکان پێم بڵێت ئەوا لەژوری شیکارکردن ئەتوانن پێم بڵێت".

ئەو نەخۆشانەی یەکەی چاودێری قسەی لەگەڵکردن هێمایان بەوەدەکرد پزیشەکان بەو شێوەیە ڕێگەیان پێنادەن تەواوی کێشەکانیانی بۆ باسبکەن.

## 12. ڕێوشوێنەکانی لایەنی پەیوەندیدار سەبارەت بەبینینی چەند نەخۆشێک لە یەک کاتدا

لێپرسراوی پێشوی سەندیکای پزیشکانی کەلار، ئەمە پشتراست دەکاتەوە دەڵێت ئەمە لە پێشودا هەبوە ئێستاش بەردەوامە.

د.عومەر حەبیب، باسی لەوەشکرد چەندینجار هەوڵیانداوە ئەمە بنبڕ بکەن، بەڵام بەدەمەوە هاتن بۆ چارەسەرکردنی لاواز بوە.

نوێنەری پێشوتری سەندیکای پزیشکان لە لیژنەی قائیمقامیەت بۆ ئەم حاڵەتە دەڵێت ئەوکات لە لیژنەکە بوم ئەم کێشەیەمان پێوترا، لە روی پزیشکیەوە بە هەمو شێویەک نایاساییە نابێت بەدەر لە پزیشک هیچ کەسێکی دیکە نهێنی نەخۆش بزانێت.

قائیمقامی کەلار ئاماژەی بەوەکرد ئەم حاڵەتە لە کوردستان بە شێوەیەکی گشتی هەیە، ئەو بەڵێنیدا کە کار بۆ چارەسەرکردنی ئەم حاڵەتەبکەن: "ئەمە حاڵەتێکی زۆر ناخۆشە بۆ نەخۆش چونکە نهێنی نەخۆش ئامانەتە، لەسەر ئەم کێشەیە لەگەڵ لیژنەی بەدوادچون بۆ نۆرینگەکان قسەدەکەم و بە رێنمای بە لیژنەکەی دەدەین".

## 13. پزیشکەکان چی دەڵێن دەربارەی گلەیی نەخۆشەکانیان؟

سەرەڕای چارەسەرکردنی نەخۆش و گەڕاندنەوەی ئومێد بۆیان، بەڵام زۆر جار نەخۆش لێرە گلەیی هەیە لەپزیشکەکان لەسەر ئەم گەلەیانەش پزیشکەکان قسەی خۆیان هەیە.

د.هاوسەر محەمەد، پزیشکی پسپۆڕی قورگ و لوت باسی لەوەکرد هەرگیز نەخۆش ئاراستە ناکات بۆ تاقیگەیەک یاخود تیشکێکی دیاریکراو یاخود دەرمانخانەیەکی دیاری کراو: "لەیەک کاتدا من بەنەخۆش دەڵێم برۆ فلان شوێن ئەگەر نەخۆشەکە خۆی پرسیار بکات و داوای رێنوێنی بکات".

د. ئورهان نازم، ئەوە روندەکاتەوە: جاری واهەیە نەخۆشی منالم هەبوە ئەو نیشانانەی کە تێیدابوە گومانی لادروست کردوم بۆ نەخۆشیەکەی، بۆیە ناردومە بۆ تاقیگەیەکی باوەرپێکراوی تر ئەمەش تەنها لەبەر نەخۆشەکانمە.

کۆی پزیشکەکان کە سەردانمان کردن گلەیی هاوڵاتیان بەراست دەزانن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێیان واییە بەشێکی کەمی پزیشک بەو شیوەیەیە کە هاوڵاتیان باسی لێوە دەکەن، لەبەر ئەوەی مرۆڤ جەستەیەن پەیوەندی لەگەڵ دکتۆرە بۆیە دایم بەرکەوتەیی هەیە لەگەڵی و گلەیی لە یەکتر دەکەن.

## 14. بینا و شوێنی نۆرینگەکان گونجاو نیە

شوێن و بینای نۆرینگەکان یەکێکە لە کێشەکانی دیکەی نۆرینگە پزیشکیەکان کە بەردەوامی دەکەێتە بەر رەخنەی هاوڵاتیان بەوەی کە بیناکان کۆنن یاخود گونجاو نیە بۆ هاتوچۆکردنی نەخۆش، بەهۆی ئەوەی لە نهۆمە بەرزەکان سیستەمی بەرزکەرەوەشیان نیە یاخود ئەوەی کە هەیە کارناکات.

قائیمقامی قەزای کفری لەو بارەیەوە دەڵیت: لەڕوی بیناوە لە کفری کێشەیەکی ئەو تۆمان نیە بەهۆی ئەوەی لێرە پزیشکەکان خانو بەکاردێنن بۆ نۆرینگە.

لەکاتی سەردانیکردنی یەکەی چاودێری بۆ چەند نۆرینگەیەک کە بیناکانی کۆن و نەگونجاوبون نەخۆشەکان بە ئاستەنگیەکی زۆر بە پلیکانەکانی ئەو بینایانە سەردەکەوتن، نۆرینگەی پزیشکی هەیە هێندە کۆن و پیسە کە نەخۆش لە ماوەی چاوەڕوانیەکەی توشی بێزارییەکی زۆر دەبێتەوە.

ئاسۆ حەسەن، لە نۆرینگەیەک لە گەڵ باوکە بەتەمەنەکی دانیشتبون قسەی بۆ کردین دەربارەی هێنانە سەرەوەی باوکی بۆنۆرینگەکە، وتی:"باوکم توانای رۆشتنی زۆر لاوازبوە ناتوانێت بەسەر قادرمە سەربکەوێت ناچار بانگی کەسێکی پیادەم کرد لێرە هاوکاریکردین بە نارەحەتیەکی زۆر هێنامانە سەرەوە".

## 15. تاوەکو ئێستا نۆرینگە هەبوە لە گەرمیان دابخرێت یاخود سزابدرێت؟

لێپرسراوی پێشوی سەندیکای گەرمیان لەم پرسەدا ئەوەی بۆ باسکردین کە سزاکانی سەندیکای پزیشکان بۆ نۆرینگەکان بەم شێوەیە کە سەرەتا رێنمایی دەدرێت دواتر ئاگەدارکردنەوە ئەگەر بەردەوام بو لەو سەرپێچیە ئەوا دەبێت لیژنەی ئینزیباتی بۆ ئاگەداربکرێتەوە.

لیژنەی ئینزیباتی شەش پزیشک لە لیژنەکە دەبن بەدواداچون بۆ کێشە و سەرپێچیەکە دەکەن، ئەگەر پێویستی کرد نۆرینگەکە بۆماوەیەکی دیاریکراو دادەخەن، یاخود حاڵەتەکەی پێویستی کرد ئەوکات پزیشکەکە بانگێشتی دادگا دەکرێت لەسەر سکاڵای لیژنەی ئینزیباتیەکە، بەڵام ئەم لیژنەیە لەکەلار و گەرمیان بونی نیە.

د.عومەر حەبیب، لەسەر داخستنی ئەو نۆرینگانەی کەپەیرەوی رێنماییەکان ناکەن و سەرپێچی دەکەن، جەختی کردوە کە لایەنی پەیوەندیدار نایانەوێت خۆیان لەو بابەتە بدەن: "چەندینجار داوایی داخستنی نۆرینگەمان کردوە لە پێشوتردا، وەک سەندیکا لەگەڵ قائیمقام و ئیدارەی گەرمیانیش بۆ ئەو مەبەستە کۆبوینەتەوە، بەڵام هیچ نۆرینگەیەک دانەخراوە لە ماوەی کارکردنی مندا".

شەهاب ئەحمەد، قائیمقامی قەزای کەلار، وتی: "لەماوی رابردودا سێ نۆرینگەمان لەکەلار داخست، ئەگەرچی بەرهەڵستیش کراین بەوەی دەبێت سەندیکا بڕیاری ئەوە بدات، بەڵام من دەسەڵاتی خۆمم بەکارهێنا".

بە پێی بەدواداچونەکانی یەکەی چاودێری بەشێکی ئەم لایەنانە تەنانەت ئاگاداری ئەوە نەبون ماوەی دوساڵە پزیشک لە لیژنەکانی بەدواداچونی نۆرینگەکان نیە و سەندیکا لە گەرمیان دا نەماوە!

## 16. نوێنەرەکانی سەندیکای پزیشکان چۆن چاودێری نۆرینگەکانیان کردوە لە کەلار

لیژنەی نۆرینگە وتاقیگە و دەرمانخانەکانی قائیمقامیەتەکانی کەلار و کفری ماوەی زیاتر لە ٢ ساڵە هیچ پزیشکێکی تێدا نیە ئەمەش بەیەکێک لەو هۆکارانە دادەنرێت کە وەک پێویست نۆرینگەکان چاودێرینەکرێن، بەڵام لە پێشوتردا پزیشک لە لیژنەکانی قائیمقامی کەلاردا هەبوە، ئەوان چۆن چاودیری نۆرینگەکانیان کردوە.

د.ئارام عەبدوڵڵا، کە لەماوی ساڵی (٢٠١٦ –٢٠١٧)، نوێنەری سەندیکای پزیشکان بوە لە لیژنەی قائیمقامیەت ئاماژەی بەوەکرد: کە لەماوەی چاودێریکردنیان لەمۆڵەت و شوێنی بینینی نەخۆش و شوێنی چاوەروانی نەخۆشیان کۆڵیوەتەوە لەگەڵ گونجاوی شوێنی نەشتەرگەری نۆرینگەکان و پاک و خاوێنی شوێنەکان و ئامێرەکانیان.

رونیکردەوە: "هەندێک کێشەی نۆرینگە هەبوە ئێستا نەماوە رەوشی کەرتی تایبەت زۆرباشترە بەراورد بە پێشوتر".

لەگەڵ ئەمەشدا نوینەرەکانی سەندیکای پزیشکان باسلەوەدەکەن هەندێکجار راپۆرتەکانینان بە هەند وەرنەگیراوە.

د. عومەر حەبیب، لێپرسراوی پێشوی لقی کەلاری سەندیکای پزیشکان باسی لە چەند کۆبونەوەیەکی کرد لەسەر ئەو بابەتە لە گەڵ ئیدارەی ناوچەکە: "ئەو کاتەی لە سەندیکا بوم چەند کۆبونەوەیەکمان لە گەڵ قائیمقام کرد بۆ سزادانی هەندێک نۆرینگە، بەڵام بە قسەمان نەکرا لەگەڵ ئیدارەی گەرمیانش ئەم بابەتەمان باسکردوە".

لیژنەکانی قائیمقامیەت بێ ئەوەی لەنەخۆش و سەردانیکەرانی نۆرینگەکان بپرسن هەڵسوکەوتی پزیشکەکە چۆنە لە گەڵتان چۆن گفتوگۆتان لەگەڵ دەکات دەربارەی کێشە تەندروستیەکان سەردانی پزیشکەکان دەکەن، ئەمە لە کاتێکدا چەندین نەخۆش گلەیی لە شێوازی مامەڵەی پزیشکان هەیە.

ئەم پرسەشمان روبەڕوی قایمقامی کەلار کردوە ئەو باسی بەهانەی لیژنەکەی بۆ کردین، شەهاب ئەحمەد، وتی: "لیژنەکانمان دەڵێن کاتمان کەمە".

## 17. دەسەڵاتی سەندیکای پزیشکان

سەندیکای پزیشکان وەک نوێنەری پزیشکان و داواکاری مافەکانیان دەسەڵاتی پێدانی مۆڵەت و چاودێری نۆرینگەکانیشیان پێدراوە، بە رای زۆرێک لە شارەزایانی تەندروستی ئەمە کارێکی باش نیە.

لە گەرمیان تاکە لقێکی سەندیکای پزیشکان هەبو ئەویش پێش دوساڵ کارەکانی بەتەواوی کۆتایی پێهێنرا، چونکە وەک لێپراسراوەکەی ئاماژەی بۆکرد ئیتر ماوە و کاتی ئەو سەندیکایە زۆر دەمێکبو تەواوبو.

د.ئارام عەبدوڵڵا، هۆکاری ئەنجامنەدانی هەڵبژاردنی سەندیکای پزیشکانی بەم شێوەیە خستە رو: "بڕیاربو لە ساڵی ٢٠١٤ هەڵبژاردنی سەندیکا بکرێت، بەڵام بەهۆی ناکۆکی حزبیەوە نەکرا".

## 18. کاریگەرییەکانی نەبونی سەندیکا بۆپێدانی مۆڵەت و چاودێرێکردنی نۆرینگەی پزیشک

بەو پێیەی دەسەڵاتی پێدانی مۆڵەت و چاودێریکردنی نۆرینگە پزیشکیەکان لە لای سەندیکای پزیشکانە، نەبونی کاریگەریەکی راستەوخۆی دەبێت لەسەر ئەم کەرتە.

نەبونی سەندیکا گرفتی بۆ لێپێچینەوەی سەرپێچیکاران دروستکردوە، وەک قائیمقامی قەزای کفری باسی لێوەکرد: واییکردوە ئەو لێپێچینەوانەی کە پەیوەندی بە سەندیکای پزیشکانەوە هەیە پەکی بکەوێت.

بەڕێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیان بۆ ئەم گرفتە باسی نمونەیەکی بۆکردین و وتی: "لە قەزای کفری نۆرینگەیەک سەرپێچی کردبو بۆ ئەوەی لایبەن ماوەی چوار مانگی پێچو تاوەکو لە لایەن سەندیکای پزیشکانی سلێمانیەوە بڕیاری لابردنەکەی بۆ دەرچو".

## 19. پزیشکێک دوساڵە ناوی لە لیستی لیژنەی قائیمقامیەتی کەلارە و خۆی ئاگادار نیە!

لە هەریەکە لە لیژنەی قائیمقامیەتی کەلار و کفری هیچ پزیشکێک لە لیژنەکەدا نیە، ئەوەی مایەی تێڕامان بو لە کاتی سەردانیکردنی یەکەی چاودێری بۆ نۆرینگەی پزیشکان لەگەڵ لیژنەی قائیمقامیەتی کەلار ناوی پزیشکێک لە لیستەکەدابو، بەڵام ئەو پزیشکە ئامادەیی لە لیژنەکەدا نەبوە، ئەمەش بەو مانایەی کە نوێنەری سەندیکای پزیشکان لە لیژنەکانی قایمقامیەتی کەلاردا هەن.

یەکەی چاودێری بۆ ئەوەی هۆکاری بەشدار نەبونی ئەو رۆژەی بزانێت سەردانی ناوبراوی کرد، لە بەرامبەر ئەمەدا، د. ئارام عەبدوڵڵا، کە ناوی لە لیژنەدا هەبوەو بەشدار نیە لە گەڵیان جەختی لەوەکردەوە ماوی دوساڵ ئەبێت بە نوسرا و بەسەردان بە قائیمقامی وتوە کە ئیتر ناتوانێت لە گەڵ لیژنەکانیان بێت، لە دوای ساڵی ٢٠١٧ ئەو لە لیژنەکە نەماوە.

بە شێوەیەکی گشتی لایەنە بەرپرسەکانی لەم بابەتە هۆکاری نەبونی پزیشک لە لیژنەکاندا دەگەڕێننەوەبۆ نەبونی سەندیکای پزیشکان و داخستنی ئەو لقەی کە لە کەلار هەبوە.

د. سیروان محەمەد، بەڕێوبەری تەندروستی گەرمیان، دەڵێت:"ماوەی یاسایی سەندیکا زۆر دەمێکە تەواوبوە، هەندێک لە لێپرسراو و بەرپرسی بەشەکانی هەر لەژیان نەماون یان وازیان هێناوە کەس نەخراوەتە شوێنەکانیان".

وتیشی: "لەدەسەڵاتی بەڕیوبەرایەتی تەندروستی نیە پزیشک بۆ لیژنەکان بنێرێت ئەوە لە دەسەڵاتی سەندیکا دایە".

## 20. چۆن دەتوانرێت کاری نۆرینگەکان رێکبخرێتەوە؟

یەکێک لە پێشنیارەکان بۆ باشکردن و رێکخستنەوەی کەرتی تایبەتی نۆرینگە پزیشکیەکان، پێدانی مۆڵەت و چاودێریکردنی بدرێتەوە بەکەرتی حکومی.

د.ئارام عەبدوڵڵا، لەم بارەیەوە وتی: "ئەگەر سەیری بەغداد بکەین ئەوانیش مۆڵەت و چاودێری لای سەندیکای پزیشکانەو کێشەشیان نیە بۆیە هەر لای سەندیکا بمێنێتەوە باشترە".

بۆ هەریەک لەم را جیاوازانە پێویستە بە گفتوگۆ باشترینیان هەڵبژێردرێت و کاری پێبکرێت.

د.سیروان محەمەد، ئاماژەی بەوەکرد: "پێویستە ئەمە لە کۆبونەوەی پەرلەمانەوە گفتوگۆی لەسەر بکرێت و سەندیکاو حکومەتیش دەبێت بە گفتوگۆ بگەنە ئەوەی کە کاری کەرتی تایبەت لە لایەن بەڕێوبەرایەتیەکانەوە سەرپەرشتی بکرێت بۆ ئەوەی دواتر لە دژی بریارەکە نەوەستنەوە".

## 21. رای بەڕێوبەرایەتی گشتی تەندروستی گەرمیان

بەڕێوبەرایەتی تەندروستی وەک سەرپەرشیاری تەندروستی بە پلە یەک سەیردەکرێت لە بابەتەکانی پەیوەست بە تەندروستی، کەواتە تەندروستی گەرمیان رۆڵی چییە لە کەرتی تایبەتی تەندروستی؟

بەڕێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیان لەم باسەدا هێمای بەوەکرد مۆڵەتپێدان و چاودێریکردنی ئەم کەرتە لای سەندیکای پزیشکانە و بەڕێوبەرایەتی ناتوانێت هەمو کاتێک تەداخولی بکات.

د. سیروان محەمەد، جەختی لەوەکردەوە : "ئەگەر هەر هاوڵاتیەک هەر لایەنێک کێشەیەک یان گلەیەکی لەو کەرتە هەبێت دەتوانێت بێتە بەڕێوبەرایەتی و سکاڵا تۆمار بکات لە بەشی بەدواداچون و دڵنیایی جۆری".

وتیشی: لە پێشوتریشدا هەر کەسێک لەم بەشە سکاڵای کردبێت لە نۆرینگەو دەرمانخانەکان بەدواداچونمان بۆ کردوە.

بۆ چونێک هەیە کە دەڵێت نابێ سەندیکاکان لەیەک کاتدا نوێنەرایەتی پزیشکان بکەن و لەگەڵ ئەوەشدا ئەرکی رێکخستنی کاری کەرتی تایبەت بگرنە ئەستۆ.

لەسەر ئەم بۆچونە، د. سیروان محەمەد، ئەوەی ئاشکرا کرد کە ئێستا لە ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتیش بۆچونێک هەیە کە وەزارەتی تەندروستی و بەڕێوبەرایەتی گشتی تەندروستی بەرپرسبێت لە پێدانی مۆڵەتی کارکردنی نۆرینگەی پزیشکان و دەرمانخانەکان، بەڵام ئەمە نەچۆتە بواری جێبەجێکردنەوە.

## 22. بۆچونی ئیدارەی گەرمیان

مانگانە راپۆرتەکانی قائیمقامیەتەکان لەگەڵ گرفتەکانی ئیداریی سنوری گەرمیان دەچێتە ئیدارەی گەرمیان، ماوەی دو ساڵیشە گەرمیان بێ سەندیکای پزیشکانەو نوێنەری نیە لە گەرمیان و چاودێری نۆرینگەو کەرتی تایبەت ناکرێت.

هەڤاڵ ئیبراهیم، بەرێوبەری راگەیاندن و پەیوەندیەکانی ئیدارەی گەرمیان، ئاماژەی بەوەکرد: "لەبەر ئەوەی سەندیکا رێکخراوێکی مەدەنیە ئێمە ناتوانین بڵێین بابکرێتەوە ئەوە پەیوەندی بە خودی پزیشکەکان خۆیانەوە هەیە نەوەک ئیدارەی گەرمیان".

لە وەڵامی ئەو پرسەشی کە لە گەرمیان نۆرینگەی پزیشکی وەک پێویست چاودێری ناکرێت و لە نۆرینگەکان ناپرسێرێتەوە، ئێوە چی دەکەن و ئەو دەنگۆیانەی کە هەیە لەسەریان بۆ چی بەدواداچونی بۆ ناکرێت ئەمە دەرخەری لاوازی چاودێری کردن نیە لە گەرمیان؟

بەرێوبەرەکەی ئیدارەی گەرمیان، وتی: "ئەمە لاوازی نیە، بەرێوبەرایەتی گشتی تەندروستی گەمیان دەبێت چاودێری ئەم کەرتە بکات نەوەک سەندیکای پزیشکان".

بۆ چارەسەری ئەم کێشانە، هەڤاڵ ئیبراهیم، باسی لەوەکرد: "لەسەر ئەم پرسە سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان راپۆرتی تایبەت لە ئەنجومون دەخاتە رو تا وەکو رێگایەکی دیکە بۆ چارەسەری ئەم گرفتە بدۆزینەوە".

## بەشی سێیەم: ڕاسپاردە

ڕاسپاردەکان:

1. کردنەوی نۆرینگە بە بێ مۆڵەت، چاودێری لیژنەکانی تایبەت بە نۆرینگە و دەرمانخانەکان دەخاتە ژێر پرسیارەوە، پێویستە لیژنەکان بە ئاگاتر لەم بابەتە بڕوانن.

2. لە کاتێکدا بە پێی یاسایی سەندیکای پزیشکانیش ڕێگە پێدراو نیە پزیشکێک لە کەرتی حوکمی ناوچەیەک دەوام نەکات نۆرینگە بکاتەوە، بەڵام پزیشک هەیە کە ئامادە نیە دەوامی حکومی لە گەرمیان بکات کەچی ڕێگە دەدرێت هەمان پزیشک لە کەرتی تایبەت کاربکات، بۆ ئەمە پێویستە لایەنی پەیوەندیدار ڕێگەچارەیەکی گونجاو بدۆزێتەوە و سود لە توانای ئەو پزیشکانە وەربگرێت لە کەرتی حکومی ناوچەکە.

3. بە پێی یاساو ڕێنمایەکی نوێ نابێت پزیشک پەیوەندی هەبێت لەگەڵ کۆمپانیاکانی دەرمان بۆ ئەمەش دەبێت لایەنی پەیوەندیدار بەوردی مامەڵە لەگەڵ ئەم پرسەدا بکات.

4. سەندیکای پزیشکانی ددان مۆڵەتی داوە بە دەرچوانی پەیمانگا تەنها بە چەند کارێکی دیاریکراو، بەڵام ئەوان هەمو کارێکی پزیشکی ددان دەکەن، پێویستە بە وردی چاودێری ئەم نۆرینگانە بکرێت و جەخت لە ئەو خاڵانە بکرێتەوە کە ڕێگە پێدراون لە مۆڵەتەکانیان.

5. لە چەندین نۆرینگە بەو ژمارەییەی کە لە تۆماری بینینی نەخۆش بەدی دەکرێت سەرو ٤٠ نەخۆشە، ئەمەش لە بنەماکانی بینینی نەخۆش جێگەی نابێتەوە، چونکە بەم شێوەیە پزیشک لە کێشەی نەخۆشەکانی بە تەواوی ناگات.

6. جیاوازی نرخ لە کاری پزیشکەکان بابەتێکی دیکەی گرفتەکانی ڕێکنەخستنەوەی کاری نۆرینگەکانە، بەتایبەت لە نۆرینگەکانی ددان پێویستە بەبەرنامەیەک کاری نۆرینگەکان بۆ نرخ یەکبخرێتەوە.

7. یەکێک لە بنەما ئەخلاقیەکانی پزیشکی ئەوەیە کە پزیشک نهێنی نەخۆش بپارێزێت، بەڵام ئەمە لە نۆرینگەکان بوە بە کێشەی نەخۆشەکان بەوەی چەند نەخۆشێک پێکەوە دەبینرێن، بەتایبەت نۆرینگەی پزیشکانی ژنان، بۆ ئەمەش پێویستە لایەنی پەیوەندیدار بەدواداچونی بۆبکات و هەوڵی نەهێشتنی ئەم کێشەیە بدات.

8. پێویستە لە کاتی پێدانی مۆڵەت و چاودێریکردن گرنگی تەواو بدرێت بە شێوازی بیناکە لە ڕوی گونجاویەوە بۆ هاتوچۆکردنی نەخۆش، چونکە زۆرجار بۆتە کێشە بۆ نەخۆش، هەروەک پاکوخاوێنی لەگەڵ شوێنی چاوەڕوانی لەبەرچاو بگیرێت.

9. نەبونی لقی سەندیکای پزیشکان لە گەرمیان گرفتی دروستکردوە و پێویستی بە ڕێگەچارەی دیکە هەیە.

10. نەبونی پزیشک لە لیژنەکانی قائیمقامیەت وایکردوە لێپرسینەوەکان و بەدواداچونەکان بۆ نۆرینگەکان وەک پێویست نەبێت، هەربۆیە لیژنەکان پێویستە پزیشکیان بۆ دیاری بکرێت.

*** ستافی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان:**

1. ئەحمەد حەمید وەلی، سەرپەرشتیاری یەکە
2. زریان محەمەد، لێپرسراوی دۆسیەی پەروەردە
3. رێناس سالّح، لێپرسراوی دۆسیەی تەندروستی

*** بۆ پەیوەندی:**
07480207400- 07702303676
Radiodeng@yahoo.com
Radiodang.org